# هۆکاری بادانەوەکەی ئەردۆغان لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک D.T.P

بۆ ئەوەی پشت تێهەڵکردنەکەی ئا-ک-پ، پارتی دەسەڵاتداری تورکیا لە د-ت-پ لێکدەینەوە، چاکوایە ئەم وەرگەڕانە سیاسییەی ئەردوغان لە روانگەی ئابورییەوە بدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. "هەروەک دەڵێن سیاسەت چوراوەو کاکڵی ئیقتیسادە". ئەوە بەرژەوەندە ئابوریەکانن کە دەبنە بنەما بۆ دارشتنی ئامانجە سیاسیەکانی دەسەڵاتداران. کوردیش دەبێت لەم گۆشەوە هەڵوێستەکان هەڵسەنگێنێت.

ئەگەر ئاورێک لە رابردو دەینەوە و چاوێکی پیابخشێنینەوە، دەرئەکەوێت کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئەتاتورکەوە" 1920" هەتا ئێستا، تورکیا حەولی داوە، خۆ وەک وڵاتێکی ئورووپی بناسێنێت. نزیک بە چل ساڵە دیپلۆماسیەکەیان لە پێناو بوون بە ئەندامیەتی یەکیەتی ئورووپادایە . هەرکەرەتێک بە پەڵپ و بیانوێک بە تایبەت لە لایەن وڵاتانی وەک فەرانسە و ئاڵمانەوە تەگەرە خراوەتە بەردەمیان. ئەگەرچی تورکیا برێک لە ئاستەنگ و کۆسپەکانی، لە باری یاسایی و سیاسیەوە لە سەر ڕێ هەڵگرتووە وەک: حوکمی لە سێدارەدان، هەراوکردنەوەی ئازادیەکان (بۆ تورکەکان)، دانانی کانالێکی تلۆیزیونی(بۆ کوردەکان)، خۆگونجاندن لەگەڵ نەزمی بازاری ئازاد و پەرەپێدان بە بەشی خۆماڵی، خۆ گێلکردن لە مەسەلەی قەرەباخ و سازان لەگەڵ ئەرمەنستان، بەڵام هەر کەمی هێناوەو وەرنەگیراون.

بە تایبەت لە کاتی هاتنە سەرکاری پارتی (ئا-ک-پ) وە بۆ خێراترکردنی ئەم ڕەوتە لە مەیدانگەلێکی تریشەوە چالاکیان نواندووە. جگە لەوەی کەوەک ئەندامێکی ناتۆ ماونەتەوە، بەڵام بوراگرتنی بالانسی سیاسی و ئابوری و بەهێزکردنی جێگەوپێگەیان لە ناوخۆو دەرەوە، وبۆ وەڵام دانەوێکی قورس و قایم سەبارت بە کەم مەیلیەکەی یەکیەتیئورووپا، و هاندانیان زۆر جار لە ڕۆژئاوا هلگەڕاونەتەوە و وەک پردێک و تاقە ئەندامێکی موسوڵمانی ناتۆ لە تایبەتمەندی ژیئوپولیتیکی وڵاتەکەیان ژیرانە کەڵکیان وەرگرتووە.

پارلمانی تورکیا لە ساڵی2003 دا ڕێگەی بە ئەمریکا نەدا لە خاکەکەیەوە هێرش بکرێتە سەر عێراق. بۆ داگیرکردنی بازاری وڵاتانی دەوروبەر هەروها ئێران، کەێن و بەینێکی گەرم و گوریان لە گەڵ کوماریئیسلامی ئێران سازکردووە. پارەکە پرۆتۆکۆلێکیان واژۆ کرد کە فازەکانی 22،23،24 پارسی جنوبی ئێرانی وەئەستۆ بگرێت و کۆماریئیسلامیش گازی بداتێت. عەبدوڵلا گوڵ و ئەردوغان ،هەولین دەسەڵاتدارانی دونیا بوون کە بروسکەی پیرۆزباییان ئاراستەی هەڵبژاردنە ساختەکەی ئەحمەدی نەژاد کرد. سەردانەکەی مانگی ئوکتوبری ئەمساڵی ئەردوغان لە تاران، چوونی ئەحمەدی نەژاد بۆ کۆنفرانسی ئیسلامی لە ئیستانبوول و بڕیاری بردنە سەرەوەی بارستایی مەعامەلاتی نێوانیان لە 10 میلیارد دولار لە ساڵدا بۆ 30 میلیارد دولار لە داهاتویێکی نزیکدا. لایەنگری تورکیا لە بەرنامەی پیتاندنیئورانیومی ئێران و دەربڕینی دژایەتی سەبارەت بە هەرچەشنە هێرشێک بۆ سەر خاکی ئێران و تەنانەت هەرشەی شکاندنی گەماروی ئابوری و لە هەموو گرینگتر دوژمنایەتی هاوبەشیان لە گەڵ نەتەوەی کورد بووەتە هۆی پێکهاتنی رەوابتێکی توندوتۆڵ کە دونیای ڕۆژئاوا زۆر جار بە دڵەڕاوکێوە تێی ئەڕوانێت.

تورکیا لە هەمانکاتدا تێکۆشاوە قەڵافەتی ناوبژیکەرێک بەخۆ بگرێت، چ لە بەین ئێران و ڕۆژئاوا، چ لە بەین ئیسرائیل و سوریا و چ لە ناو عیرقدا لە هەمو گرینگتر وەک پێگەیێکی گەورەی گوازتنەوەی نەوت وگازی وڵاتانی دەوروبەر بۆ ناو ئورووپا دەوری گێڕاوە و کەڵکی سیاسی و ئابوری لێوەرگرتووە و وەک کارتێک بۆچوونە ناو بازاری ئورووپا کایەیی پێکردووە.

خەتی لولەی گازی روسیا بەم وڵاتەدا بەرەو ئورووپا تیدەپەرێت . خەتی لولەی نەوتی باکو بە جێحان کە ڕۆژانە یەک میلیون بۆشکە نەوتی ئازەربایجان بە وڵاتی تورکیادا بۆ ئورووپا رادەگوێزێت.

لەئاکامی سەردانەکەی پۆتین بۆ ئانکارا لە 20090806 دا بڕیارە خەتێکی لولەی گازی لە ژێر دەریایرەشەوە بەشێک لە گازی روسیا لە ڕێگای تورکیارا بەرەو ئورووپا بەڕیبکات. خەتی لولەی گازی * نابوکو * بەدرێژای 3300 کیلومتر وسەرمایەی 8 میلیارد دۆلار، قەرارە ساڵانە 31 میلیارد متریمۆکەعەب گاز تا ساڵی 2014 لە خاکی تورکیارا بەرەو ئورووپا رەوانەبکات . وڵاتانی ئوتریش و مەجارستان و بولغارستان و رۆمانیا ( بەبێ ئەوەی ئێرانی تێدا بەشداریبدەن)، لەهاوینی ئەمساڵدا لەگەڵ تورکیادا ئەمپرۆژەگەورەیان واژۆکرد. ئورووپا بۆ نەجاتبون لەدەس تەشقەڵەبازیەکانی روسیا کە 30 لەسەدی وزەی ئورووپا دابیندەکات، بەگەرمی لەم پرۆژەیان پێشوازی کرد. سەرچاوەی دابینکردنی گازی نابوکو لە هەنگاوی هەوەڵدا ئازەربایجان لەبەرچاوگیرابوو، کەئەیتوانی ساڵانە 15 میلیاردمتریموکەعەب گاز لەڕێگای ئەملولەوە هەناردەبکات.پاشاندایاننابوو کە رەنگبێت بتوانن سەرەنجی قەزاقستان و تورکمەنیستان و ئێران و عێراق بۆ ناردنی گاز لەم لولەوە لە داهاتوودا رابکێشن.بەڵام پاشان ئازەربایجان و تورکمەنیستان مەترسێکی گەورەیان بۆ پرۆژەی مەزنی نابوکو خولقاند. ئازەربایجان قەراری فرۆشی گازی بە روسیادا و تورکمەنیستانیش لە 20091214 قەراردادێکی مەزنیان لەگەڵ سەرۆک کۆماری چین دا واژۆ کرد کە ساڵانە 40 میلیاردمتریموکەعەب گاز بۆ چین دابینبکات.ئەم دوو قەراردادە پشتی پرۆژەی نابوکو ی هێنایە لەرزە و ئورووپای دڵسارد کردەوە، ئێران بەخۆشیەوە ڕایگەیاند کە نابوکو مایەپوچ دەرئەچێت ۆ وڵاتانی دەوروبەر ناتوانن گازی پێداویستی ئەم خەتیلولەیە دابینبکەن. بۆیە بە پەلە پرۆژەی خەتیلولەی پارس بە 4 میلیارد سەرمایەگوزاریەوە کە گازی ئێران بەبڕی 35 میلیارد متریموکەعەب بە خاکی تورکیارا ڕەوانەی ئورووپا بکات، ڕایگەیاند.

ئەم پرۆژەیەی ئێران زیاتر لە دژایەتی لە گەڵ نابوکو دا هاتەئاراوە ئەگینا ئێران هەر ئەوندە گاز هەناردەی تورکیا دەکات، کە لە تورکمەنیستانەوە هاوردەی ئێرانی دەکات. بەوتەی ئاغای ئەوجی یەکێک لە کاربەدەستانی وزەی ئێران،ئێران ئێستاکە ڕۆژانە 500 میلیون متریموکەعەب گاز بەرهەم دێنێت کە420 میلیون متریموکەعەب لەم گازە بۆ گەرم کردنیماڵەکانی ناوخۆی ئێران دابینکراوە و بەقیەکەشی بۆ نێروگاکان ئەنێردرێت و لە زستان و کاتی سەرما تەنانەت بەشی مەسرەفی ناوخۆ ناکات. ئێران بۆئەوەی ببێتە بەرهەم هێنەرێکی گەورە،لانیکەم 500 میلیارد دولاری پێویستە، چونکە سەنعەتی نەوت و گازی ئێران کۆنوشرە و پێداویستی ئێجگارزۆری بە سەرمایەگوزاری بیانی هەیە،بەڵام بەهۆی حەساری ئابوریەوە ناتوانێت نەوژەنیانکاتەوە. پرۆژەی خەتی لولە پارس زیاتر لە هاژەوگیڤەی کۆماریئیسلامی ئەچێت، بۆیە ئورووپا لە سەری حیساب ناکات.

نووسینی ئەم پێشەکیە بۆ رونکردنەوەی ئەم بابەتە بوو کە لە سەرەتای مانگی دیسامبری ئەم ساڵدا مەزنترین معامەلەی نەوتی ئەم سەردەمە لەبواری هەڵێنجاندندا،لە عێراق هاتەئاراوە و موعادلاتەکانی گۆڕی 44 کۆمپانیا و کۆنسرسیومی گەورەی نەوتی دوونیا لەم کیبەرکیەدا بەشداریانکرد.

حەوزەی گەورەی نەوتی مەجنوون درایە کۆنسرسیومی شل (بریتانیا) و پترۆناسی (مالزی).

حەوزەی نەوتی قرنە درایە کۆنسرسیومی لوکئۆیڵ (روسی) و ستاتئۆیڵ(نۆرویژی) .

حەوزەی نەوتی حلفایە درایە کۆنسرسیومی سنپس(چین)، کە توتاڵ و پتروناسیش تێدا بەشدارن.

هەر لەمانگی ئوکتوبری ئەمساڵدا حەوزەی نەوتی رمیلە درایە کۆنسرسیومی بریتیشپترۆلیوم و سنپس چین.

ئاغای شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق وتی، لە شەش ساڵی داهاتوودا بارستایی نەوتی عێراق لە 2 میلیونو 400 هەزار بۆشکە ئەگاتە 12 میلیون بۆشکە لە ڕۆژدا.

مانای ئەمقسە ئەوەیە کە عێراق نەک هەر ئێران و روسیا لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت و گازەوە ئەخاتە پشتسەر،بەڵکوو شانلەشانی عەرەبستان کەهەرئێستا 12 میلیون و 500 هەزار بۆشکە نەوت لە ڕۆژدا بەرهەم دێنێت، دەدات. ئەمە جگە لە نەوتی هەرێمی سوونی نیشینەکان و هەرێمی کوردستانە، کە بە هۆی نائەمن بوونی بەشی یەکەم و گرفتی سیاسی بەشی دووهەم، هێشتا نە هاتوونە ناو بازنەی بەرهەم هێنانی یکجاریەوە.

لە بیرماننەچێت هاوکات لەگەڵ هەناردەکردنی نەوتی تەق تەق(هەولێر) و توکی(دهۆک) بە رادەێ 90 هەزار بۆشکە لە ڕۆژدا ، وڵاتانی ئوتریش و دوبەی و مەجارستان خەریکی بەستنی قەراردادێکی گەورەی نەوتی 8 میلیارد دولاری لە بواری هەڵێنجاندنی گازو نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بوون، بەڵام بە هۆی دژایەتی دەوڵەتی عێراق ئەم پێمانە سەری نەگرت.

عێراق بە هەموو بەشەکانیەوە دەریایکی زەبەلاحی نەوت وگازە کە ئەتوانێت بگاتەپلەی یەکەمی بەرهەمهێنان لە جیهاندا.

لەکاتوساتێکدا کە تەنگەی هوورموز بە هۆی ئاژاوەگێریەکانی کۆماریئیسلامیەوە جێگای متمانە نیە و چارەنووسی نادیارە ، ئەوا خاکی وڵاتی تورکیایە کە ئەم بۆشاییە گەورەیە بۆ گوازتنەوەی نەوت و گازی عێراق بۆ ڕۆژئاوا پردەکاتەوە.

ئێستا نەک ترس لە خاڵی مانەوەی لولەکانی خەتی نابوکو نامێنێتەوە،بەڵکو ئەبێت پرۆژەگەلی گەورەتریش بۆ گۆازتنەوە بێنە ئاراوە. لەبەر تیشکی ئەم معادلاتانەدایە کە ئەردووغان بەپەلە لە 20091207 سەردانی وڵاتەیکگرتووکان دەکات و لە بەرەندەی خەڵاتی سولحی نوبێل ئیزنی سەرکوتی د ت پ و هێرش بردنەسەر نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی باکوری کوردستان وەرئەگرێت. لەکاتەوساتێکیوادایە کە پارلمانی ئورووپا لانکی دیموکراسی دوونیا، لە بەر نەوت و گاز،ئاوێکی خاوێن بەسەر تورکیادادەکات و دەڵێت : د ت پ نەدەبووا لە گەڵ پ ک ک نێوانی هەبووایە، چوونکە ئێمە پ ک ک بە تروریست دەناسین.

موحەمەدی موشتاق ژورنالیستی خەڵکی تورکیا دەڵێت ، تورکیا بۆ چوونەناو یەکیەتیئورووپا ڕێگایێکی دوورودرێژی لە بەردەمدایە. بەڵام نەوتی عێراق هەڵە بوونی ئەم بۆچوونە بەزەقی دەرئەخات. هەلومەرجی ژیئوپولیتیک وئەم دەریای نەوتە ،نەکهەر ەوتی ئەندامبوونی خێراتر دەکاتەوە، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا دەسی تورکیا بۆ سەرکوتی کورد ئاوەڵەتر دهێڵنەوە و کەمکەم پەڵپ و بیانووەکانیان ئەنێنەلاوە. ئەردوغان ئیتر لەچی سڵ بکات! ئەو خەنجەرە خوێناوییە کە هەتا دوێکە لە ترسی پارلمانی ئورووپا ، لە پشتەوە ئێشاردەوە ، ئێستاکە لە پێشەوە ئێبەستێت. ئەمەیە هۆی سەرەکی ملبادان و پشت هلکردنەکەی لە د ت پ ،پارتێک کە بەشێوەیکی هێمنانە و سەردەمیانە خەریکی گەشە و پشکوتنبوو، ناکرا بکرایەتە شەریکی حیزبێکی شووینیستی وەک ا ک پ . بۆیە ئێستایان بەهەل ناسی و گورزی خۆیان لە بەر چاوی قووچاوی دونیادا وەشاند.

دیارە ئەمجارە دەوڵەتی تورکیا بە تەجرەبە و کەرەسە و هاوکاری نێونەتەوی زیاترەوە دێتەمەیدانی دژایەتی لەگەڵ کورد. لە بیرمان نەچێت تورکیا هەر ئێستا ئیسراێلی لە ژێر فشارناوە بۆ وەرگرتنی چەک و چۆڵ. ئەم بابەتە لە دیدارەکەی ئەحمەد داوودئوغلوو وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ بنالیعازر وەزیری بازرگانی ئیسرائیل لە 20091109 بە روونی درکێندرا. تورکیای ئەندامیناتۆ ،بە هۆی هاوپیمانیەکیەوە لە باری چەکی کلاسیکەوە قەت کەم نا هێنێت. ئەو چەکەی کە لە ئیسرائیلی دەخوازێت بۆسەرکوتی کوردی گەرەکە.بۆمبی خوشەی و فوسفووری بۆ کاولکردنی ژینگە و گوندەکان و تەیارەی بێفڕوکەوانی بۆ شناسایی سەنگەری گریلاکانی گەرەکە.چونکەئەزانێت، ئیسرائیل لەمبوارانەدا شارەزایی تەواوی هەیە.

کوردیش دەبێت ژیرانەتر لە جاران بەرەنگاری داگیرکەران بێتەوە. پێکهاتنی ب د پ هەنگاوێکی گەورە بوو ، جێگای خۆیەتی هەموو پارتەکانی کوردستان پیروزبایی لیبکەن و بەرز بینرخێنن.چاوەڕوانی دەکرێت ئەم پارتە پیلانەکانی تورکیا لە باری جاشیگەری و لە باری دوو بەرەکی خستنەناو خەڵکی کوردەوە بەوپەری وشیاریەوە پووچەڵ کاتەوە.چاوەڕوانی لیئەکرێت کە بە هیچجورێک نەهێڵن خۆپیشاندانە هێمنانەکان بکێشرێنە شوشەشکاندن و ماشێنئاگرتێبەردان.ئاواتی داگیرکەرانە کە کورد وەک شەڕەنگێز بە دونیا بناسێنن،تا پاساو بێننەوە بۆپیلانەکانیان. ڕێکخستنەکان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەبێت لە ئاستی ئامانجە بەرزە نەتەویەکان دابێت.تا سەرنجی خەڵکی پێشکەوتووی ناو کومەڵگای تورکیا و دونیای دەرەوە بەرەوخۆ ڕاکێشێت.

جێگای خۆیەتی پ ک ک بۆ جارێکیتریش ئاگربەسی یێکلایەنە ڕاگەینێت تا مەودای خەباتی سیاسی لە ناو شارەکاندا بەرتەسک نەکرێتەوە و بیانووی هاوکاری ب د پ و پ ک ک زیندو نەکرێتەوە.چاوەڕوانئەکرێت کە گەلی کوردبە گشتی، و بە تایبەت لە باشوری کوردستان وەک نەتەوە و دوورلە قالبی حیزبێکی تایبەت لە بزوتنەوەی خەڵکی باکوری کوردستان پشتیوانی بکات و هەر چەشنە گەلەکۆمەکە بۆ لەناو بردنی بزووتنەوەیرزگاریخوازی گەلی کورد لە قاو دات و نەهێڵێت هەریمی کوردستان تێکەڵاوی ئەم پیلانە نگریسە بکرێت. چاوەڕوان ئەکرێت کوردەکان لە دەرەوە لە هەواهەنگی تەواو لە گەڵ بزوتنەوەی ناوخۆی کوردستان ،بەوپەری هەستیاریەوە، لە قالبی لوبی و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەی و لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، ناردنی چەک وچۆڵ و پیلانی کاولکاری،چ لە باری ژینگە ، چ لە باری وێرانکردنی گوندەکانەوە، چ لە باری پێشێلکاری مافی مرۆڤەوە و بەبی هەڵگرتنی دوروشمی حیزبێکی تایبەت لەقاودەن و وەک نەتەوە خۆبنوێنن.



**جەعفەر تیکانتەپە**

# لەنێوان کابینەی پێنجەم و شەشەم،رایەکی جیاواز

پێدەچێت ڕۆژنامەگەری کوردی بەگشتی لەو قەیرانەی کە تێکەوتووە وا بەزووی دەربازی نەبێ، ئەگەرنا بۆچی ڕۆژانە هەندێک میدیا لە مەبەستی سەرەکی خۆیان دوور دەکەونەوە و لە ژێر ناوی ئازادی چاپەمەنی لە هەرێمدا، لاپەڕەکانیان تژی لە نووسینی ناراست دەکەن، بۆ تۆراندنی هاوڵاتیان لە خواست و مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان.

بۆ ماوەی مانگێک دەچێت هەندێک میدیا بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون:

یەکەمیان: بەکەم نیشاندان و کەم نرخاندنی کارە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێنجەم.

دووەم: زێدە گۆیی کردن لە پەسنی کابینەی شەشەم.

من لێرەدا رایەکی جیاواز لەو دوو رایەی دیکە دەدەم.

چونکە ناکرێت ئاست لە وێستگەیەکی ئیدارەکردنێکی سەرکەوتووی ئەزموونی حکومڕانی کوردستان چاو دابخەین، ئەگەر چاویشمان بەو ئیدارە سەرکەوتووە هەڵنەیەت!

کە دەڵێم ئیدارەیەکی سەرکەوتوو، هەڵبەت مەبەستمان بێ کەمووکوڕیبوونی کارەکانی کابینەی پێنجەم نییە، بەڵام بە بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن، لەگەڵ خۆڵقانی ئەو قەیران و ئاڵۆزییە سیاسی و ئابوورییە نێوخۆیی و ئیقلیمیانەی کە لە ماوەی تەمەنی کابینەی پێنجەم بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی هاتنە گۆڕێ، حکوومەتەکەی بارزانی سەرکەوتووبوو، زۆر پێداویستی ڕۆژانەی بەشێوەیەکی بەرچاو دەستەبەر کرد، وەک ئاو و سوتەمەنی و کارەبا و پرۆژەکانی ڕێگاوبان و ئاواکاری و گرنگیدان بەچین وتوێژەکانی کۆمەڵگە لە ئافرەت و گەنج و پیر و خاوەن پێداویستی تایبەت و ...هتد

ئەزموونی سیاسی و جەماوەری نێچیرڤان بارزانی وایکرد کە سەرکردەیەکی سەرکەوتوو بێ، ئەو کارێزماییەی کە خودی نێچیرڤان بارزانی لە بەڕێوەبردنی حکوومەتدا هەیبوو، وایکرد کە وێنەی حکوومەتداری کورد لە دنیاش جوان بکات، هەر بۆیە وەک لاوێکی سەرکردەی جیهانی هەڵبژێردرا کە لە حوکمڕانی و گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکەی سەرکەوتوو بووە. یان دکتۆرای فەخری پێ دەبەخشرێت کە یەکێک بووە لەو کەسانەی خەباتی بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لە کوردستاندا کردووە.

ئێستا حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و چین و توێژەکان لە نێوخۆدا هەست بە گرنگی و وجوودی نێچیرڤان بارزانی دەکەن، چونکە ئەو سەرۆکایەتی یەکەم کابینەی یەکگرتووی حکوومەتی کوردستانی کرد، پاش ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردی. بەهەموو پێوەرەکان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک حکوومەتێکی سەرکەوتوو بووە، شتێکی ئاساییشە کە کەمووکوڕی لە هەندێک شوێندا هەبووبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بنەمای ئابووری ئیدارەکردنی بەشێوەیەکی ستراتیژی بۆ حکومڕانی کوردی لە داهاتوودا داناوە، هەر خودی د. بەرهەم ساڵح لە کاتی متمانە وەرگرتنی کابینەکەی، سەرکەوتنەکانی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی دووپاتکردەوە.

بەم پێیە ناکرێت بێ وەڵام بین لە هەنبەر ئەو شاڵاوەی چەند ڕاگەیاندنێک بەمەبەستی سیاسی دژ بە کابینەی پێنجەم دەستیان پێکردووە، باشترین وەڵامیش بۆ ئەوان ئەوەیە کە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە حزبەکەی سەرۆکی کابینەی پێنجەم ئێستا بە وێنەوە کارە باشەکانی بخەنەڕوو، ئەم خستنەڕوو و بیرهێنانەوەش مانای بەکەم نیشاندانی کابینەی شەشەم نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە بەڵگەیە.

هەرچی کابینەی شەشە، هێشتا زووە بۆ پیادا هەڵگوتن، هێشتا تەمەنی چەند مانگێکە و دەکرێت ئەو ستایشە هەڵگرین بۆ وادەی کۆتایهاتنی کابینەی شەشەم و ئەو کات ستایشی کارەباشەکان بکەین و بۆ کەمووکوڕییەکانیش سەرنجمان هەبێت، دەبێ ئەو ستایش و پێدا هەڵدانەش هاووڵاتیان یان چین و توێژەکانی کۆمەڵ بیکەن نەک ڕاگەیاندنەکان دروستی بکەن!

پەڵپ گرتنێکی دیکەی ئەو ڕاگەیاندنانە لەسەر ناونیشانی سەرۆکی کابینەی شەشەمە کە ئاخۆ (سەرۆکی حکوومەت یا سەرۆک وەزیر یان هەر ناوێکی دیکە)بێت.

بەرای من ئەو ناونیشانانە هیچ لە کابینەکە و توانای ستافە وەزاریەکە کەم ناکاتەوە، چونکە گرنگ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی هەرێمە لە هەموو بوارەکان، لە کاتێکدا لەرووی یاساییەوە وشەی(سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) دروست ترە.

پێموایە ئەو دوو بۆچوونەی کە هەندێک میدیای بەسەر دووبەرەدا دابەشکردووە، مەرامی سیاسی لە پشتە، یان خۆشحاڵ نەبوونە بەو یەکدەنگییەی پارتی و یەکێتی و، ئاشتی و هێمنیەکەی نێو ماڵی کوردی، لەبەرئەوەی کابینەی شەشەم کابینەی لیستی کوردستانییە و ئاشکرایشە کە لیستی کوردستانی(پارتی و یەکێتی)یە لەم ڕووانگەیشەوە سەرکەوتنی ئەم کابینە سەرکەوتنی پارتی و یەکێتیشە، چونکە ئەو قۆناغە بەسەرچووە، کە پارتی و یەکێتی بکەونە کێبڕکێی حزبی لەسەر پرسە چارەنووسساز و گشتییەکان، بەڵکو ئەمڕۆ قۆناغی کاراکردنی چەسپاندنی دامەزراوە قانوونی و دەستوورییەکانە، بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و نیشتمانیمان.

**کاروان محەمەد سابیر**